کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٩-نیوەی ئەولی بەفرانبار ١٤٠٠-دێسامبر ٢٠٢١




## لەمەڕ مانگرتن ل٣



## مێژوو و ئێستای سەلەفیەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ل٤



## مارکسیزم و ئیکۆ سۆسیالیزم ل٢



## ئەو کارەساتانەی کە دەسەڵاتی ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئێرانی هێناوە ل٢



## کۆبوونەوەی سەراسەری مۆعەلیمان و پێویستی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی خۆپیشاندانەکان ل٧



## بزووتنەوەی ژنانی ئێران، مۆتەکەی کۆماری ئیسلامی ل٩




## دەستی ئەردۆغان خۆش بێ، یان ڕووی دیپلۆماسی دەوڵەتەکان ڕەش بێ؟ ل٨



## کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی کردنی زیاتری پەروەردە و بارهێنان ل٩

سەروتار

## ئەو کارەساتانەی کە دەسەڵاتی ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئێرانی هێناوە

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی خۆراسان، هێندێک لە کچان و ژنان لە مەشهەد بەخاتری هەژاری ڕوویان کردووەتەوە فرۆشتنی قژی خۆیان. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ژنێک حازرە قژی بە ٢٠٠ هەزار تمەن بفرۆشێت تا قەرزی دکتووری دیابێتەکەی بداتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە دەنووسێت: "بەپێی جنس و پڕبوونی موو، ژنان دەتوانن ٢٠٠ تا نیهایەتەن دوو ملیۆن تمەن لەبری قژیان وەربگرن." بەپێی ڕاپۆرتی مەیدانیی ئەم ڕۆژنانەمەیە، کچێکی دە ساڵە بۆ کڕینی تەلەفوون، ژنێکی ٢١ ساڵە بۆ دانەوەی قیستی جیازی خوشکەکەی، ژنێکی ٥٠ ساڵە بۆ دابین کردنی خەرجی دەرمانی مێردەکەی و هەروەها کچێکی ١٥ ساڵە بۆ دابین کردنی خەرجی ناونووس کردن لە مەدرەسەی مامناوەندی قژی خۆیان فرۆشت.

بەڵام کارەساتی کۆمەڵایەتی لێرەدا کۆتایی نایەت. دڵتەزێنتر لە فرۆشتنی قژی ژنان، فرۆشتنی کۆرپەڵەیە. "حەبیبوڵڵا مەسعوودی" جێگری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی بێهزیستیی ئێران باسی لە چوونەسەرەوەی ئاماری فرۆشتنی کۆرپەڵە لە شەش مانگی ڕابردوودا کردووە و وتوویەتی کە کۆرپەڵەکەکان بەر لەوەیکە لە دایک بن پێش فرۆش دەکرێن. ناوبراو دەڵێت: "بارووددۆخی نالەباری بنەماڵەکان و هەروەها ئێعتیادی دایکان و باوکان لە گرینگترین هۆکارەکانی فرۆشتنی کۆرپەڵە دێنە ئەژمار." ڕۆژنامەی شەهرەوەند هەر لەم بوارەدا دەنووسێت: کوڕ نزیک بە ٥٠ ملیۆن تمەن، کچ نزیکەی ٧٠ تا ٨٠ ملیۆن تمەنە. قیمەتی منداڵ و کۆرپەڵە زۆر جیاوازن. کۆرپەڵەکان لە منداڵەکان گرانترن.

بەسەرهاتی کۆرپەڵەیەک کە پاش بەدنیا هاتنی دەفرۆشرێت، بەسەرهاتێکی دڵتەزێنە. واتە منداڵانێک کە نەخوازراو بەدنیا دێن تا ببنە پارەیەکی ڕەش و بۆ دایک و باوکیان. دەسەڵاتی ئیسلامی بەو هەژاری و فەلاکەتەی کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە، بە گەندەڵی و ئێعتیادێک کە لەناو کۆمەڵگادا پەرەی پێداوە، بە بێ ماف کردنی ژنان، گەلێک کارەساتی کەم وێنەی لە کۆمەڵگای ئێراندا خوڵقاندووە.

لەو نێوەدا ژنان پتر لە هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیکە باری ئەم هەژاری و گەندەڵی و نابەرابەری و بێبەشییەیان لەسەر شانە. درەنگتر لە هەموان دادەمەزرێن و زووتر لە هەموان بێکار دەکرێن، لەبری کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان حەقدەستی بەرابەریان نییە. ژنان چ بەهۆی چوونەسەرەوەی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە و چ بەهۆی ئێعتیاد و یان مەرگی هاوسەر، زۆر جار نان دەرهێنەری بنەماڵەن.

لە وەها بارووددۆخێک دایە کە بەداخەوە بەشێک لە ژنان ناچار بە فرۆشی ئەندامی جەستەی خۆیان، بە قەبووڵ کردنی سیغە، بە لەشفرۆشی، بە فرۆشتنی قژی سەری خۆیان، بە فرۆشتنی کۆرپەڵەکەیان دەبن تا تیکە نانێک بۆ ئەندامانی بنەماڵەیان دابین بکەن. فرۆشتنی ئەندامانی جەستە لە گورچیلە و پێستەوە تا قژ، لە کاری دژوار و هەڵاوردنی سیستماتیکەوە تا ناچار بوون بە قەبووڵکردنی سیغەی ئیسلامی یان لەڕاستیدا لەشفرۆشی، ئەو کارەساتانەن کە ئەم ڕژیمە بەسەر خەڵکی هێناوە.

تاڵان و دزینی سەروەت و سامانی خەڵک لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامی، سەروەتی نجوومیی ئاخوند و لات و چەقۆکێشانی حکوومەت، بۆشایی بەرین و قووڵی چینایەتی، لەگەڵ

سەرکوت و هەڵاوردنی سیستماتیک، دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی ئێرانن.

کرێکاران، جووتیاران، مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، خەڵکی کوردستان و ئەو جەماوەرەی کە کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان پێک دێنن هەر کامیان بەجۆرێک لەئاست

درێژە ی : (سەروتار)

# ئەو کارەساتانەی کە دەسەڵاتی ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئێرانی هێناوە





بارووددۆخی دژوار و تاقەت پڕووکێنی خۆیان نارازین و وڵامی حکوومەت بۆ ئەوان تەنیا زیندان و ئەشکەنجە، کوێر کردن بە تفەنگی ساچمەیی، کوشتاری بەندکراوانی سیاسی و کوشتنی کۆڵبەرانی زەحمەتکێش بووە و هیچی تر.

دەسەڵاتی ئیسلامی و سەرانی گەندەڵ و کۆنەپەرستی بەرپرسی ئەم هەژاری و فەلاکەتەی خەڵکن. ڕژیمێک کە لەجیات پێکهێنانی پیشە و دابین کردنی تەندرووستی، دەرمان، شوێنی نیشتەجێ بوون، دەست دەداتە تاڵان کردنی سەروەتی وڵات و سەرکوت لە ناوخۆ و تیرۆر لە دەرەوەی وڵات، بەرپرسی ڕاستەوخۆی بێبەشی و نەهامەتییەکانە.

ژنانی ئێران، دایک، خوشک، کچ و هاوسەری پیاوان و ئەم ڕادەیە لە گوشار و هەژاری بۆسەر ژنان، نامرۆڤانە و جێگای شەرمەزارییە و تەحەمول ناکرێت. دەسەڵاتێک کە قژی ژنان بە حیجابی زۆرەملی دادەپۆشێت و بە بزوێنەری هەستی سێکسیی پیاوانی دەزانێت، شەرم لەوە ناکات کە ژنان بەهۆی هەژارییەوە قژیان بفرۆشن.

ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە هەنگاوی یەکەم و سەرەکییە لەپێناو بەرابەریی مافی ژن و پیاو و کەم و سنووردار کردنەوەی ئەو هەمووە سووکایەتی و بەدبەختییەیە کە بەسەر خەڵکی دا سەپاندووە. ژنانی شەریف و ئازادیخوازی ئێران و کوردستان بە پێست و گۆشتی خۆیان گوشار و هەڵاواردنی حکوومەتی ئیسلامییان تەجروبە کردووە و هێزی سەرەکی و چارەنووس ساز دەبن لە دامەزراندنی نیزامێکدا کە کۆتایی بە هەڵاواردن و ستەمی ژنان بێنێت.

مافی دایک و باوک و مافی منداڵ بۆ کۆماری ئیسلامی و مافیای حکوومەت و باندەکانی فرۆشتنی منداڵ و کۆرپەڵە هیچ بایەخێکی نییە. حکوومەتی ئیسلامی مۆدێلێک لە دەسەڵاتدارییە کە بووەتە نموونەی بەربەرییەتی ئەمڕۆ و نەنگی مرۆڤایەتیی سەردەم.

نیزامێک کە دایکان و باوکانی بێبەش و نەخۆش ناچار بە فرۆشتنی کۆرپەڵە و منداڵەکانی خۆیان بکات و کۆیلەداریی نوێ لە ناحەزترین و قیزەونترین شێوەی خۆیدا بەرهەم بێنێتەوە، ڕووخاندنی وەها نیزامێک و بەرپرسانی وەک جەنایەتکارانی پیشەیی، زەروورەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئینسانییە.

***

# مارکسیزم و ئیکۆ سۆسیالیزم

لە فارسیەوە: هێمن ئەمانی

مارکس بازنەی سەرمایەداری لە سێ پیت دا کورت کردۆتەوە: "M-C-M". ڕەوتی بەرهەم هێنان بە پارە "پوڵ" واتە "M" دەست پێ دەکات. ئەم پارەیە بۆ بەکارهێنانی کرێکاران، سەرچاوە سروشتییەکان و پیشەسازی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کاڵا "شت و مەک" سەرمایەگوزاری "پارە تێدا خەرج کردن" دەکرێت "C". دواتر ئەو کاڵا بەهەمهێنراوانە بە نرخێکی زیاتر لە تێچووی سەرەتایی خۆی دەفرۆشرێتەوە "M". شێوازی گۆڕانی کۆی پارەی تێچووی سەرەتایی بۆ پارەیەکی زیاتر لە نهێنی چەوساندنەوەی کرێکار دایە ئەو کاتەی کە سەرمایەدار "خاوەن پارە" حەق دەستێکی کەمتر لە نزخی ئەو کاڵایەی کە کرێکار بەرهەمی هێناوە دەدات بە کرێکاران. لەگەڵ ئەوانەشدا زێراندن و بەهرە لێ کێشاندنەوە لە سروشت و زەوی بەشێکی جیا نەکراوە و گرنگە لە خوێنی سەرمایەداریدا بۆ بەردەوام بوون و گەشە.

سەرمایە هەموو سەرچاوە سرووشتیەکان، هەروەک کرێکاران، بە دەرگای تێچووی سادە لە ڕەوتی بەرهەم هێناندا دەبینێ. لەسەر هەموو سەرمایەدار و خاوەن پارەیەک زەروور و شەرتە ئەم دەرگا سادانە بە هەرزانترین نرخ و خێراترین شێواز بەدەست بهێنێت. هەر وەکوو ڕێکەتننامە کۆمەڵایەتیەکەی ساڵی ٢٠١٠ لە کۆپنهاگن کە وەها ڕوونی دەکاتەوە: "لە سەرمایەداری ئێمە دا زەوی دەبێتە سەرچاوەی مەواد و پێداویستی خاوی بەرهەم هێنان و مرۆڤ دەبێتە بەکار هێنەر و ئامرازی بەرهەمهێنان، وە مرۆڤ نەوەک کەسانێک کە بوونیان هەیە بەڵکوو وەکوو کەسانێک کە خاوەنی شتێکن دەبنە جێگەی بایەخ و نرخ." وە کاتێک کە سەرمایەی سرووشتی و کرێکاران بە بەشێکی سادەی بەرهەمهێنان لە سیستمێکدا ڕیزبەندی دەکرێن ئاساییە ئەگەر دەرچووی هەر ئەو سیستمە بۆ سەرمایە تەنیا ئەو شتە بێت کە دەکرێت بفرۆشرێت. لەسەر ئەم بنەمایە لە هیچ گۆشە و لایەنێکی ئەم سیستمەدا پاشەڕۆ گرنگیان پێ نادرێ و حیساب ناکرێن. بۆ پێشەسازی کارگەکان هیچ گرنگ نییە کە لە کوێ، وە چەندە پاشەڕۆ بەرهەم دەهێندرێت، بۆ ئەوان تەنیا فرۆش گرنگە و هیچی تر.

کێبڕکێ، بزوێنەری سەرەکی سەرمایەداری، وورد بوونەوە لە قازانج کردن بۆ سەرمایەدار تا ئاستی مەرگ مسۆگەر دەکات. ئەگەر کۆپانیا یان کارگەیەک بیهەوێت سەرچاوەگەلێکی پێویست بۆ کەم کردنەوە و نەمانی پیس بوونی هەوا، بڵاو کردنەوەی کاربۆن و پاشەڕۆ خەرج بکات، لە هەمان کاتدا دەبێت بەردەوام لەگەڵ ئەو کۆمپانیا و کارگانەی کە وەها خەرجێک ناکەن و لە ئەنجامدا دەتوانن بەرهەمەکانی خۆیان هەرزانتر و بە ڕێژەی زیاتر بفرۆشن، لە کێبڕکێی بەردەوامدا بێت. لە ئاکامدا ئەو کۆمپانیا "بە ویژدانە" بە خێرایی لە بازنەی بەشی خۆی لە بازاڕی فرۆشدا دەردەکرێت. کەوایە سەرمایەداری بە سەرنجدان بەوەی کە تەنیا پارە لەجیاتی سودبەخشی یان بەجێ و شیاو بوونی کاڵا لە ڕەوتی بەرهەمهێناندا، دەبێتە هۆی قازانجی کورت ماوە بە واتای بەشێک لە ژێربەنای ئەم سیستمە، بۆ پێشکەوتن لە پانتایی ئەم یاریە دا. ئاشکرایە کە جەخت کردنەوە لەسەر قازانجی کورت ماوە بۆ سرووشت کوشندەیە.

سرووشتێک کە لەسەر بنەمای پێناسە و ڕوون کردنەوەکان بابەتێکی درێژ ماوەیە.

هەروەها بازنەی M-C-M هەم بە واتای بوونی گەشەی بەردەوامی سەرمایەدارە، تا بتوانێت لەم کێبڕکێیەدا بمێنێتەوە، وە هەم بۆ کۆی هەموو سیستمەکەیە. هەموو بازنەی M-C-M ڕەوتێکی بێ کۆتاییە چوونکە ئامانجی کۆتایی نەوەک بەرهەم هێنانی کاڵایەک بۆ بەکارهێنان یا سودبەخشی بەڵکوو ئەو پارەیە کە خۆی لە خۆیدا هیچ ناکات مەگەر سەرمایەگوزاری و خستنە گەڕی لە ڕەوتی بەرهەم هێنانی داهاتوودا. ئەم زەروورەتە بۆ گەشە و بڵاو بوونەوە بەهەر نرخێک سەرمایەداری دەخاتە بەرانبەر سرووشت و ژینگە: هەم بەو هۆکارەی کە تێچوو و مەوادی سەرەتایی لە ڕەوتی بەرهەم هێناندا موحتاجە بە تاڵانی ئەو سەرچاوە سرووشتیانەی ئێمە بە خێراترین شێوە کە بتوانێت. وە هەم لەبەر ئەوەی کە پێویستی زیاتری بە کڕیار هەیە کە تا ئەو جێگەیەی بۆی دەکرێت بەرهەمەکانی بفرۆشێت. پێویستی بە مەواد و هێزی زیاتر بۆ بەردەوامی گەشە، سەرمایەداری بە شێوەیەک کە جێگای قەرەبووکردنەوە نەبێت دەخاتە بەردەم هەسارەیەکی جێگیر و پایەدار.

لە ڕاستیدا بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئاکادیمی تایبەتیی زانستی " کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە لە ئامریکا" ئابووری جیهانی لە ساڵی ١٩٨٠وە لە سنووری توانایی بوژاندنەوەی زەوی تێپەڕیوە و لە ساڵی ١٩٩٩ تا ئاستی ٢٠٪ لەو سنوورە دووتر کەوتۆتەوە. لە ئێستادا ئەو مەودایە تا ئاستی ٣٠٪ بەراورد کراوە.

مارکس و ئێنگێلس ئەم بابەتەیان لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا بە شێوەیەکی پاراو و کورت باس کردووە: " کۆمەڵگای بۆرژوایی "سەرمایەداری" نوێ لەگەڵ شێوازەکانی بەرهەم هێنان، ئاڵوگۆڕ و خاوەندارێتی" تایبەت خۆی –(کۆمەڵگایەکە هەر دەڵێی ئامرازە زەبەلاحەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕی لە غەیبەوە هێناوە)- لە ئەفسوونکارێک دەچێ کە ئێتر توانای کۆنترۆڵ کردنی هێزەکانی جیهانی ژێرەوەی کە بە سیحری خۆی هێناویەتە حزوور نەماوە."

***






# لەمەڕ مانگرتن

ڤیلادیمێر ئلیچ لینین
وەرگێڕان: هیوا ئەمانی



لە هەنگاوی یەکەم دا دەبێ ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕووداو و پەرەسەندنی مانگرتنەکان بدۆزینەوە. هەرکەسێک کە مانگرتنێکی وەبیر بێتەوە کە ئەزموونی کەسیی خۆی، ڕاپۆرتی کەسانی تر و یان ڕۆژنامەکان بێت، لەپڕ سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشرێت کە مانگرتنەکان لەو شوێنانەدا ڕوودەدەن و پەرەدەستێنن کە کارخانەی گەورەی لێ دروست کراون و لە ڕووی ڕێژەیەوە ڕوو لە زیاد بوونن. زۆر بە کەمی دەتوانین کارخانەیەکی گەورە -سەدان و بگرە هەزاران کرێکاری هەبێ- بدۆزینەوە کە مانگرتنێکی بە خۆوە نەدیبێ. ئەو کاتەی کە لە ڕووسیا تەنیا چەندانە کارخانەی گەورە بوونیان هەبوو، ژمارەی مانگرتنەکانیش کەم بوو؛ بەڵام کاتێک کارخانە گەورەکان –چ لە ناوچە پیشەسازیە کۆنەکان، چ لە شارەکان و دێهاتە تازە بنیاتنراوەکان– بە خێرایی گەشەیان کرد، ژمارەی مانگرتنەکانیش ڕوو لە زیاد بوون چوون. بەڵام بۆچی مانگرتن هەمیشە لەو کارخانانەدا ڕوودەدا کە بەرهەمی زۆریان هەیە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە سەرمایەداری دەبێ بە ناچاری ببێ بە خەباتی کرێکاران بە دژی خاوەنکارەکانیان و کاتێک بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی یەکجار زۆرە، ئەو خەباتە خۆی لە مانگرتن دا دەنوێنێ.

یارمەتیم بدەن کە ئەوە شی بکەمەوە.

کاپیتالیزم، ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەیە کە تیایدا زەوی، کارخانەکان، ئامێرەکان و هەتا دوای □ لە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک خاوەن زەوی و سەرمایەداردان کە ژمارەیان هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دەستە، ئەمە لە کاتێک دایە کە کۆمەڵی بەرینی خەڵک خاوەنی هیچ شتێك نین یان خاوەنی شتێکی زۆر بچوکن، هەر بۆیە پێ ملە کە خۆی وەکوو کرێکارێک بە کرێ بدا. خاوەن زەوی و سەرمایەدارەکان، کرێکاران بە کرێ دەگرن و وایان لێدەکەن کە فڵانە شتومەک بە مەبەستی فرۆش لە بازاردا بەرهەم بهێنن. وەهەروەها، خاوەنکار تەنها هەر ئەوەندە حەقدەست بە کرێکار دەدات کە بەشی ژیانی نەمرنەژی خۆی و بنەماڵەکەی بێ، لەولاوە ئەوەی لە کرێی کاری کرێکار دەمێنێتەوە وەک قازانج دەچێتە گیرفانی خاوەنکارەوە. هەر بۆیە لە ئابووری سەرمایەداری دا کۆمەڵی بەرینی خەڵک، کرێکاری بەکرێگیراون و بۆ خۆیان کار ناکەن بەڵکو لە بەرامبەر حەقدەستێک دا کار بۆ خاوەنکار دەکەن. دەکرێ تێبگەین کە هەوڵی هەمیشەی خاوەنکار لە پێناو کەم کردنەوەی کرێی کاری کرێکارانە؛ هەرچی کەمتر کرێی کار بدەن، بەو ڕادیە قازانجی خۆیان زیاتر و زیاتر دەبێ. لەملاوە هەوڵی کرێکار بۆ ئەوەیە کە کرێیەکی زیاتر وەربگرێ تاکوو بتوانێ بۆ بنەماڵەکەی خۆراکێک بە ڕادەیەکی پێویست و باش وەدەست بێنێ، لەماڵی باش دا بژین و هەروەک خەڵکی تر جل و بەرگی جوان لەبەر بکەن، نەک وەکوو سواڵکەر بژین.

هەر بۆیە خەباتێکی بەردەوام لە نێوان کرێکار و خاوەنکار لەسەر کرێی کار لە ئارادایە؛ خاوەنکار ئازادە کە کام کرێکارە کە پێ باشە بە کرێی بگرێ، هەر بۆیە دەچێتە سۆراغی هەرزانترینیان. وە هەروەها کرێکاریش ئازادە کە خۆی بە خاوەنکارێک کە خۆی پێ باشە بە کرێ بدا، هەر بۆیە دەچێتە سۆراغی خاوەنکارێک کە زۆرترین کرێی کار دەدا. بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کرێکار لە شار کار دەکا یان لە دێهات، خۆی بە خاوەنی زەوی، جوتیاری دەوڵەمەند و یان خاوەن کارخانە بە کرێ دەدا، ئەولای مامەڵەکەی خاوەنکارە، و هەر لەگەڵ ئەویشدایە کە لەسەر کرێی کار شەڕ دەکا.

بەڵام ئایا بەڕاستی بۆ کرێکارێک وەک تاک توانای بەرەوپێش بردنی ئەو خەباتە مەیسەرە؟ ژمارەی کرێکارەکان ڕوو لە زیاد بوونە: جوتیارەکان ماڵ و حاڵیان وێران دەبێ و لە دێهاتەکانەوە هەڵدێن بۆ شارەکان و کارخانەکان. خاوەن زەوی و کارخانەدارەکان خەریکی بەکار هێنانی ئامێرگەلێکن کە کار لە کرێکار دەدزێ. لە شارەکاندا بێکاری ڕوو لە زیادبوونە و لە لادێکانیش ژمارەی سواڵکەرەکان بەرەو زیاد بوون دەچێ. خەبات لە دژی خاوەنکار بۆ کرێکار وەک تاک وردە وردە خەریکە ئەستەم دەبێ. کرێکارێک کە داوای حەقدەستێکی مامناوەند لە خاوەن کار دەکا یان بە حەقدەستی هەرزان ڕازی نابێ، ڕووبەڕووی ئەو جوابەی خاوەنکار دەبێتەوە: "بڕۆ دەرەوە! خەڵکانێکی زۆری برسی لە دەرەوە چاوەڕێن و گەلێک کەیف خۆش دەبن کە بە حەقدەستێکی کەمتر کار بکەن".

کاتێک کە هەلومەرجی خەڵک تا ئەو ڕادەیە خراپ دەبێ کە هەمیشە خەڵکانێکی زۆری بێکار لە شار و دێ بوونیان هەبێ، و کاتێک کارخانەدارەکان سامانێکی لە ڕادەبەدەر پێکەوە دەنێن و زەویدارە وردەکان لەلایەن ملیۆنێرەکانەوە سەریان پان دەکرێتەوە، کرێکاری تاک –لە بەرامبەر سەرمایەداردا- بە تەواوی بێ دەسەڵات دەمێنێتەوە. لەو کاتەدایە کە دەرفەت بۆ سەرمایەدار دەخوڵقێ تاکوو کرێکار تێکبشکێنێ، و هەتاکوو مردن – نەک تەنیا لەخۆی بەڵکوو لە ژن و منداڵەکانیشی– وەکوو کۆیلە کار بکێشێتەوە. بۆ نمونە، ئەگەر چاوێک لەو کارانە بکەین کە تیایدا کرێکار نەیتوانیوە پشتیوانی یاسا بۆ خۆی مسۆگەر بکا و توانایی وەستانەوە لە بەرامبەر بە سەرمایەداری نەبێ، شایەتی سەعات کارێکی لە ڕادەبەدەرین (تەنانەت ١٧ تا ١٩ سەعات لە ڕۆژ دا)، کاری تاقەت پڕوکێنی منداڵانی ٥ یان ٦ ساڵە، و وەچەیەک لە کرێکارانی هەمیشە برسی دەبینین کە زۆر بە هێواشی لە برسان خەریکن دەمرن. نمونەکەی کرێکار گەلێکن کە لە ماڵی خۆیاندا کار بۆ سەرمایەدارەکان دەکەن؛ هەموو کرێکارێک دەتوانێ نمونە گەلێکی لەو چەشنە وەبیر خۆی بهێنێتەوە.

ئەو ڕادەیە لە چەوسانەوە کە لە سەرمایەداریدا ڕوودەدا تەنانەت لە سەردەمی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی دا لەهەمبەر کرێکاراندا ڕووی نەداوە. بە تایبەت کە کرێکاران توانای بەرەنگاریان نەبێ، و لە پشتیوانی یاساگەلێک کە ملهۆڕیەکانی خاوەنکار بەرتەسک بکاتەوە، بەهرەمەند نەبن. کەواتە بۆ ئەوەی کە نەگەن بەو ئاستە لە زەلیلی، کرێکاران خەباتێکی بێ هیوا دەست پێدەکەن. و کاتێک بۆیان دەردەکەوێ کە بە تەنیایی چەندە بێ دەسەڵات و بێ هێزن و ستەمی سەرمایە، هەڕەشەی لەناو بردنیان لێ دەکا، دەست دەکەن بە ڕاپەڕینی بە کۆمەڵ لە دژی خاوەنکار و مانگرتنە کرێکاریەکان دەست پێدەکا.

لە سەرەتادا کرێکاران نازانن کە بەدوای چیەوەن، وشیار نین لەهەمبەر هۆکارەکەی؛ لەبەرئەوە دەست دەکەن بە شکاندنی ماشێنەکان و تێکدانی کارخانەکان. ئەوان تەنیا دەیانهەوێ کە توڕەیی خۆیان نیشانی کارخانەدار بدەن. هێزی کۆمەڵیان بۆ ڕزگاری لەم هەلومەرجە تاقەت پڕوکێنە تاقی دەکەنەوە، بە بێ ئەوەی کە هێشتاش بزانن بۆچی لەم هەلومەرجە نالەبار و بێ هیوایەدا بەسەر دەبەن و دەبێ هەوڵ بۆچی بدەن. لە هەموو وڵاتەکاندا توڕەیی کرێکار لە سەرەتادا، وەکوو شۆڕشە دوورەپەرێزەکان خۆی نیشان دا، لە ڕووسیا، پۆلیس و خاوەن کارخانەکان ناویان لێنابوو "هەڵچوون". ئەم شۆڕشە دوورەپەرێزانە، لە هەموو وڵاتاندا، لە لایەکەوە دەبوون بە مانگرتنی ئاشتیخوازانە و لە لایەکی ترەوە، دەبوون بە هەوێنی خەباتی هەمەلایەنی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری.

مانگرتن (یا خود دەست لە کار کێشانەوە) چ تایبەتمەندیەکی بۆ خەباتی چینی کرێکار هەیە؟ بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە دەبێ وێنایەکی تەواوەتی لە مانگرتن بکێشین. هەر وەک پێشتر بینیمان، کرێی کاری کرێکارێک بە پێی ڕێککەوتنی نێوان کرێکار و خاوەنکار دیاری دەکرێ. بە پێی هەلومەرجێکی وەها، بینیمان کە کرێکاری تاک و تەنیا بێ هێزە، کەواتە تەواوەن سروشتیە کە کرێکاران دەبێ بە شێوەی بە کۆمەڵ بۆ خواستەکانیان خەبات و تێکۆشان بکەن، و ناچارن کە مانگرتن گەلێک بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ کەمکردنەوەی حەقدەست و بردنە سەرەوەی حەقدەست ڕێکبخەن. ڕاستیەکەی ئەوەی کە لە هەر وڵاتێکی سەرمایەداریدا، مانگرتنە کرێکاریەکان لە ئارادا هەن. لە هەموو شوێنێک، لە هەموو وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا، ئەو کاتەی کە کرێکارەکان یەکگرتوو نین، هەست بە بێ هێزی دەکەن؛ و تەنیا کاتێک توانای بەربەرەکانێ لەگەڵ خاوەنکاریان هەیە کە بەکۆمەڵ دەست بە مانگرتن یان هەڕەشەی مانگرتن بکەن.

هەرچەند سەرمایەداری زیاتر و زیاتر گەشە دەکا، و هەرچەند کارخانە گەورەکان خێراتر دروست دەکرێن، و هەرچەند سەرمایەدارە بچوکەکان لە لایەن سەرمایەدارە زەبەلاحەکانەوە لە مەیدان وەدەر دەندرێن، بەو ڕادەیە پێویستی خەباتی بە کۆمەڵ زیاتر و زیاتر هەست پێدەکرێ، چونکوو بێکاری ڕوو لە زیادبوون دەکا، ململانێی سەرمایەدارەکان بۆ بەرهەم هێنانی شتومەک بە هەرزانترین شێوە، زیاتر دەبێ ( بۆ ئەم مەبەستە دەیانهەوێ تە ئەو جێگایەی کە دەتوانن حەقدەستی کەمتر بە کرێکاران بدەن)، هەڵکشان و داکشانە پیشەسازیەکان زیاتر خۆی نیشان دەدا و قەیرانەکان دژوارتر دەبنەوە. کاتێک کە پیشەسازی بازاڕی گەرمە، خاوەن کارخانەکان قازانجی گەورە دەکەن، بەڵام لە بیری شەریک کردنی کرێکار دا نین؛ بەڵام کاتێک قەیران دەست پێدەکا، خاوەن کارخانەکان دەیانهەوێ زەرەرەکە لە پێی کرێکارەکاندا بنوسن. لە کۆمەڵگا ئەوروپاییەکاندا پێویستی مانگرتن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تا ڕادەیەک بۆ هەمووان ناسراوە کە یاسای ئەم وڵاتانە ناتوانن مانگرتن قەدەغە بکەن. تەنیا لە ڕووسیایە کە یاساگەلی دڕەندە بە دژی مانگرتن جێبەجێ دەکرێ.

بەهەرحاڵ، مانگرتنەکان -کە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە هەڵدەقوڵێن- نیشانەی دەستپێکی خەباتی چینی کرێکارن بە دژی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە. کاتێک سەرمایەداری لەگەڵ کرێکارێکی تەنیا کە خاوەنی هیچ شتێک نیە ڕووبەڕوو دەبێ، هەلومەرج باس لە کۆیلایەتی بێ ئەملا و ئەولای کرێکار دەکا. بەڵام کاتێک هەر ئەو کرێکارە فەقیرانە یەکگرتوو دەبن، هەلومەرجەکە دەگۆڕێ. هیچ سەروەتێ لە دنیا دا بەکەڵکی سەرمایەدار نایەت مەگەر ئەوەی کە بتوانێ کرێکارانێک پەیدا بکا کە ئامادە بن هێزی کاری خۆیان لەسەر ئامراز و شتومەکێک کە هی سەرمایەدارە بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی سەروەتی تازە بەرهەم بهێنن. تا ئەوکاتەی کە کرێکاران ناچارن بە شێوەی تاک لەگەڵ سەرمایەدارەکان مامەڵە بکەن، کۆیلەی ڕاستەقینە دەمێننەوە کە ناچارن بۆ وەدەست هێنانی پارویەک نان بەردەوام سوود بە کەسانیتر بگەیەنن. و دەبێ تا کۆتایی دنیا خزمەتکاری بەکرێگیراوی زمانبەستراوبن. بەڵام کاتێک کە کرێکاران داواکاریەکانی خۆیان بە شێوەی کۆمەڵ داوا دەکەن و ئامادە نین دەستبەردار بن، کۆیلە بوونیان کۆتایی دێ، دەبنەوە بە مرۆڤ؛ داوای ئەوە دەکەن کە نابێ زەحمەتیان تەنیا لە خزمەت چەند مفتەخۆرێک دا بێ، بەڵکو دەبێ ئەو کەسانەی کە زەحمەت دەکێشنیش وا لێبکا کە وەکوو مرۆڤی ڕاستەقینە بژین. کرێکاران داوای ئەوە دەکەن کە ئەوانیش ببن بە ئاغا. داوای ئەوە دەکەن کە ژیانیان نابێ بەو جۆرە بێ کە سەرمایەدارەکان و خاوەن زەویەکان دەیانەوێ، بەڵکوو دەبێ بەو جۆرە بێ کە خۆیان دەیانهەوێ. هەربۆیە سەرمایەدارەکان هەمیشە لە مانگرتن دەترسن، چونکوو زاڵ بوونیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە سرودێکی کرێکاری ئاڵمانی دا، کە سەبارەت بە چینی کرێکارە هاتووە کە: "هەموو چەرخەکان لە خولانەوە دەوەستن، گەر بازوی بەهێزتان بیهەوێ". لە دنیای ڕاستەقینەشدا هەر بەو جۆرەیە: کارخانەکان، زەوی زەویدارەکان، ماشێنەکان، هێڵی ئاسنینەکان و هتد، وەکوو چەرخی ماشێنێکی گەورە دێنە هەژمار – ماشێنێک کە مادە لە کانەکان دەردەهێنێ، بەرهەمیان لێ وەدەست دێنێ، ڕێکوپێکیان دەکا و دەیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست. تەواوی ئەم ماشێنە لەلایەن کرێکارەوە جوڵەی پێ دەکرێ. کرێکارە کە زەوی دەکێڵێ، کانزا دەردەهێنێ، و لە ناو کارخانەکان دا خەریکی بەرهەم هێنانە، ماڵ و کارگا و هێڵی ئاسن دروست دەکا. کاتێک کە کرێکاران خۆ لە کارکردن دەپارێزن مەترسی وەستانی تەواوی ماشێنەکان لە ئارادایە. هەر مانگرتنێک ئەوە وەبیر سەرمایەدار دەهێنێتەوە کە کرێکارەکان ئاغای ڕاستەقینەن نەوەک ئەوان. کرێکار گەلێک کە هەر جارە بەرزتر لە جاری پێشوو داوای مافەکانیان دەکەن. هەر مانگرتنێک کە ڕوودەدا ئەوە بە گوێی کرێکاران هەڵدێنێ کە لە هەلومەرجیان دڵسارد نەبنەوە، و ئەوان بە تەنیا نین. سەیرکەن کە مانگرتن چ کاریگەریەکی گەورەی لەسەر خودی مانگرتووان و هەروەها لەسەر کرێکارانی کارخانەکانی دەوروبەر وە یان کرێکارانی هەر ئەو کارخانەیە کە لە بەشەکانیتردا کار دەکەن هەیە.

لە کاتی ئاسایی و ئاشتی دا کرێکار بە بێ بۆڵەبۆڵ خەریکی کارە، لەگەڵ خاوەنکار مشتومڕ ناکا، سەبارەت بە هەلومەرجی خۆشی هیچ قسەیەک ناکا. بەڵام لە کاتی مانگرتندا ماف و داواکاریەکانی بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکا، تەواوی ستەمەکانی سەرمایەدارەکان وەربیر سەرمایەدارەکان دەهێنێتەوە، هەرشتێک کە مافی بێ ئەم لاو ئەولای ئەوە داوای دەکا، و ئیتر تەنیا بیر لە خۆی و حەقدەستەکەی ناکاتەوە بەڵکو بیر لە هەموو هاوکار و هاوچارەنووسەکانی دەکاتەوە کە هاودەنگ لەگەڵ ئەو دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و بە بێ ترس باسی بێبەشی دەکەن و بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی کرێکاران ڕاپەڕیون. هەر مانگرتنێک، کۆمەڵێک بێبەشی زۆر بۆ کرێکارانی بەدوایەوە، بێبەشی و بێدەرەتانیەک کە تەنیا دەکرێ لەگەڵ شەڕ و بەدبەختیەکانی شەڕدا بەراورد بکرێ: بنەماڵەیەکی برسی، بێ داهات، دەستگیرکردن و زۆربەی کات دەرکردن لە شار و زێدی خۆی. لەگەڵ تەواوی ئەو ئازار و ناخۆشیانە، کرێکاران، بە چاوی سووکەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە سەفی مانگرتوان بە جێ دەهێڵن و دەچن لەگەڵ خاوەنکار ڕێکدەکەون. لەگەڵ تەواوی ئەو ئازار و ناخۆشیانەی کە بەدوای مانگرتنەوەیە، کرێکارانی کارخانەکانی دەوروبەر، هێزێکی تازە دەگرن کە دەبینن هاوکارەکانیان ئاوا ئازایانە داوای مافەکانیان دەکەن.

درێژەی ل٦

# دەستی ئەردۆغان خۆش بێ، یان ڕووی دیپلۆماسی دەوڵەتەکان ڕەش بێ؟

ن: عەزیز ماملێ

وێنێ، تەیب ڕەجەب ئەردۆغان لە میتینگێك دا ڕایگەیاند کە " ئەمر" بە وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکا کە باڵوێزخانەکانی دە دەوڵەتی ڕۆژئاوا بۆیان نیە لە تورکیە بمێیننەوە، بە واتایایەکی دیکە لە تورکیا دەریان بکا.

پێشتر سەرۆکایەتی دە وڵاتی : فەرانسە، ئاڵمان، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هولەند،دانمارك، کانادا، نۆروێژ، سوێد، فەنلاند و نیوزلاند بە تێگڕایی داوای بەردانی عوسمان کاوالا یان کردبوو کە لە ساڵی ٢٠١٦ وە بە تاوانی " تێکەڵ بوون لە کودتا" زیندانی کراوە. ئە و تاجرە میلیاردێرە لە ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی پشتگری لە بزووتنەوەی نارەزامەندی " پارك گزی" دەستگیر کرابوو بەڵام بە حوکمی دادگا ئازادکرا بوو و سەرلەنوێ گرتیانەوە.

لە دە دەوڵەتەکەی ناوبراو، حەوتیان ئەندامی ناتۆن، شەشیان لە یەکیەتی ئورووپادان و پێنج لە وانە هاوبەشی سەرەکی و هەرەگرنگی پەیوەندی بازرگانی لە گەل تورکیان.

ئەوەی کە لێرەدا باڵکێشە هەڵوێستی ئەردۆغان نیە، زیاتر هەڵس و کەوتی دەولەتانی ڕۆژئاوایی و سەرمایەداری دەگرێتەوە. داواکارییەکی لەو چەشنە لە لایەن دە وڵاتی ڕۆژئاوایی لە خۆیدا لایەنی ئەرینی تێدایە لە بەر ئەوە کە داوای چاوەدێری کردنی مافەکانی ئینسانێکی بێ تاوان دەکات ، ئەو بەڕێزەش لە لایەن دادگای ئورووپایی بۆ مافی مرۆڤ داوای بەربوونی کرابوو حەقی خۆیەتی لە پاڵپشتی هەموولایەنێك بۆ ڕزگاری کەڵك وەربگرێت،

بەڵام :

بە هەموو مەنتیق و پێوانەیەك، ئەگەر داوای ئازادکردنی تاك و کەس و کەسایەتییەك کرابا لە تورکیا، بەڕیز سەلاحەددین دەمیرتاش زیاتر لە گشت کەسێك ماف و مەشرووعییەت و ئەولەوییەتی بوو بۆ ڕزگاربوون لە ژێر حەبس و دوورخستنەوە :

— ئەو بەڕێزە لە کاتی دەستگیرکردن دا سەرۆکایەتی سێهەمین حیزبی سیاسی تورکیا و یەکەمین نوێنەرایەتی کۆمەڵگای مەدەنی باکووری کوردستانی بە دەستەوە بوو، هەشتا نوێنەریان لە پارلمان هەبوو، ئەندامەکانیان لە بەر خۆشەویستی و متمانەی گەل بۆ پڕانی شارەوانی شارو باژاڕەکانی کوردستان هەڵبژاردرابوون،

— بەڕیز دەمیرتاش کەسایەتییەکی لاییك، پلورالیست، ئازادیخواز، ئاشتیخواز، یەکسانیخواز و جێگەی متمانە و خۆشەویستی بوو لە ناو تەواوی کوڕ و کۆمەڵە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی تورکیا،

— دووجار لە لایەن دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ داوای ئازادکردنی کرابوو، ئەو داواکارییەش لەسەر بنەمای ڕەخنە گرتن لە شێوازی بەڕێوەبردنی دادوەری و هەروەها بێگوناهی بەڕێز دەمیرتاش ئامادەکرابوو،

کە چی تەنیا بۆ جارێکیش بەرپرسێکی وڵاتێکی ئورووپایی زەحمەتی ئەوەی بە خۆ نەدا کە باسێك لە وە بکا کە چۆن ڕێبەرێکی کارامە و کاریزماتیك وەك سلاحەددین دەمیرتاش، مافناس و پارێزەر، خۆش ناو و خۆش ڕەفتار و نوێنەری شارێکی گەورەی کوردستانێکی ستەم لێکراو وەك ئامێد لە پارلمانی تورکیە، دەبێ بە سەد و هەشتاسال ئیدانە بکرێت؟ کەس نەبوو لەسەر ئەو ناڕەواییەی دەزگای دادوەری سەر بە ئەردوغان وەجواب بێت !!!

بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ پوتین و ڕووسیا، تەواوی میدیاکانی ئورووپا و ئەمریکا، هەواڵەکانی پلەی یەکەم و لاپەڕەکانی یەکەمی چاپەمەنیەکانیان تەرخان کرد بۆ ڕەوشی تەندروستی ئالیکسی ناوالنی لەسەردەمی سەفەری بۆ ئالمان لە پاش "دەرماندا وکردنەکەی" و هەروەها لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا، میدیاکانی ئورووپایی بە تایبەت لە فەرانسە لانی کەم بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ گوێی خەڵکیان ئاخنی لەسەر ئەو بەرهەڵستکارەی پووتین کە بێگومان کەوتۆتە بەر پەلاماری دام و دەزگای پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی ڕووسیە. لە چەند ڕۆژی دواییش دیتمان کە خەڵاتی ساخارۆفیشیان پێ بەخشی !!!

کەسیش هەتا ئێستا بەڕێز سەلاحەددین دەمیرتاشی بۆ خەڵاتی نۆبێل نامزەد نەکردووە ئەگەرچی هەموو مەرجەکانی دەستەبەرە و لێوەشاوەیی تەواوی هەیە بۆ گەیشتن بەو خەڵاتە، بە داخەوە کوردیش چ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوەتەوە لەو ڕێوارەدا .

بەڵام بۆچی هیچیان بۆ سەرۆکی هادپ و نوێنەری پارلمان و خۆشەویستی خەڵك کە زوڵمی سیاسی، نەتەوەیی و حقوقی لێدەکرێت نەگوت و نەکرد؟

بەرسیوی ئەو پرسیارە تەنیا لە هیچ و پووچی و بێ هەستی و بێوەفایی دەوڵەتانی ئورووپا و ئەمریکا و باقی وڵاتە سەرمایەداریەکان بە پەرەنسیپە ئینسانیەکان، بە بەها دیموکراتیەکان و بە بێ ڕێزی بە واژۆکانی خۆیان لە ژێر پەیماننامەکان و ڕێککەوتننامەکان لە بواری مافی مرۆڤ و ئازادیە دیموکراتییەکان دا دەبینینەوە.

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە نێوان ئەردوغان و مافی مرۆڤ، سەرۆك کۆماری دەوڵەتێکی داگیرکەر، هاندەر و پاڵنەری فاشیزم و هەروەها جیهادیستەکانیان هەڵبژاردووە، بە دەیان هەزار ئینسانی ئازادیخوازی تورك و کورد لە گرتووخانەکانی تورکیان و لە دۆخێکی زۆر خراپ دا ژیان تێپەڕ دەکەن، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان زۆر بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجالان نزیك دووساڵە لە مافی چاو پێکەوتن لە گەڵ بنەماڵەی خۆی و پارێزەرانی بێ بەش کراوە، لە ژێر ئەشکەنجەی ڕووحێ و ڕەوانی دایە، کەسیش لە دەوڵەتەکان و میدیاکانی ئورووپایی متتەقی لێنایە !!!

ئەردۆغان و خامنەیی بە چاکی سەرۆکانی ئەو دەوڵەتانە و سیاسەتەکانیان و هەڵس و کەوتە شاراوە و نە شاراوەکانیان دەناسن و باش دەزانن کە ئەوانە لە هەمبەر هەر چەشنەبێ ڕیزییەك و هەر قسەیەکی سووك و هەڵوێستی نالەبار بێ دەنگ دەمێننەوە و هیچ جوابێکی پێویست نادەنەوە و ئەوەی بۆ ئەوانە گرنگە درێژەپێدانی پەیوەندییە کانی ئابووری و ماڵییە. مانگێك بەر لە ئێستا لە بەرنامەیەکی تەلەویزیۆنی هاوبەشی فەرانسە— ئالمان : ARTE بە دوور و درێژی باس لە گەندەڵیی هەندێك لە نوێنەرانی بەشدار لە شوورای ئورووپا و تەنانەت پارلمانی ئورووپا کرا کە تاچ ڕادەیەك کەوتبوونە بەر خۆ بەدەستەوەدان بە نوێنەرانی سەرۆکی ئازەربایجان کە دوومیلیارد و نیو دۆلاری تەرخان کردووە بۆ لۆبی گەری بە مەبەستی کپ کردنی ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆی ئەو وڵاتە، دیارە بەختەوەرانە بۆونی سیستەمێکی سەربەخۆ و بە دەسەڵاتی دادوەری لە ئورووپا ستاتوی ئەو پارلمانتارە گەندەڵانەیان هەڵوەشاندەوە و ئیدانەش کران. بەڵام سیستەمی سیاسی و کارگێڕی وڵاتانی ئورووپایی بەرامبەر بە دیکتاتۆرێکی فاشیست وەك ئەردۆگان بێ دەنگ و بێ هێزە، هیچیان لە بەرامبەر دەست درێژیەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ داگیرکاری عەفرین کە بە چرای سەوزی ڕووسیا و ئەمریکا گەیشتە ئەنجام هەڵوێستیان نەگرت، لەسەر هێرشی جیهادیستەکان و ئەرتەشی تورکیە کە گەیشتە ڕادەی پاکتاوی نژادی خۆیان گێل کرد، هیچیان لە پاش ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان لە ٢٠١٧ لە سەر دەست درێژی ئەرتەشی عیراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووك نەهاتنە دەنگ !!! ماوەی شەش مانگە ئەرتەشی تورك لە ئاسمان و زەوی هێرش دەکاتە سەر باشووری کوردستان و گوندەکان و شارەکان وێراندەکا و بە گوێرەی بەرپرسانی پلەی سەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان وەك زۆر بەڕێز موراد کارایلان، تەنانەت بە بۆمبی کیمیاوی ناوچەکان و گریلاکان بۆمباران دەکەن بەڵام نەك هەردەوڵەتەکان بەڵکوو میدیاکانیش بە پەیڕەوی لە دەوڵەتەکانیان وزەیان لێ نایە!!!

پاتریس فرانشێسکی نووسەرێکی بە هەست و بە پرەنسیپ و ڕێئالیستی فەرانسەوییە کە زۆر جاران سەفەری ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە و چەند وتار و کتێبیشی لەسەر نووسیوە . لە دوایین وتاری کە لە ڕۆژنامەی لۆمۆند، ڕیکەوتی ٢٣ ی مانگی ئۆکتۆبر دا بڵاو بۆتەوە بە دڵهێشاوی لە بێ دەنگی ئورووپا و هەموو وڵاتانی سەرمایەداری لە هەمبەر کوردەکانی ڕۆژئاوا دەدوێ :

" هیچ وڵاتێك زەخت ناخاتە سەر ئەردۆغان بۆ ئەوە کە سنووورداری بکا و بەو شێوەیە هێرش نەکاتە سەر خەڵکی مەدەنی . بەڵام بۆچی پێمان سەیر بێت؟ چ شتێك ڕوویدا لە ساڵی ٢٠٢٠ ، لە پاش لێکۆڵینەوەکانی پشت بەستوو بە بەڵگەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی تورکیا و جیهادیستەکانی پەیڕەوی خۆی ئیدانە کرد بۆ پاکتاوی نژادی لە عەفرین کە لە ساڵی ٢٠١٨ وە بە دەست درێژی کردن بۆ سەر تەواوی یاساکانی ناو نەتەوەیی، داگیری کردووە؟ یەک لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و دوایی هیچ .

چ شتێك قەوما ماوەیەك پاشان، کاتێك هەر ئەو ڕێکخراوە ی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بە فەرمی، ئیسلامیستەکانی داعش یان دەولەتی ئیسلامی یان — کە لە لایەن تورکیا پشتگرییان لێ دەکرێت، هەرکات بیهەوێت— بە تاوانی ژێنۆسیدی ئیزەدییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ ئیدانە کرد؟ یەك لاپەڕە لە ناو ڕۆژنامەکان و ئیتر هیچ .

چۆن بە لامانەوە سەیر بێت ئەگەر دەبینین ئەردۆغان خەریکە باڵ دەگرێ و بە هۆی خۆگێل کردنەکانی ئێمە هاندەدرێ بۆ ئەوە کە دیسانیش زیادەڕەوی بکات؟"

وادیارە ئەو وتارە بەر لە ئالۆزیی و قەیرانی دیپلۆماتیك لە نێوان تورکیا و دە دەوڵەتەکە نووسراوە .

لە خۆ ڕا نیە کە ئەردۆغان ڕێگا بە خۆی دەدا هەرچی دێتە سەر زمانی ئاراستەی لایەنەکانی ئەمریکایی و ئورووپایی بکات، باش تێگەیشتووە کە لەوەش خراپتر بڵێ هەر بۆی دەچێتە سەر و هاو پەیمانە ئورووپاییەکان بە سەرشۆڕیش بێ هەر دەگەڕێنەوە لای .

لەگەڵ پوتین ناتوانێ ئەو هەڵس و کەوتەی بێت.

ئەردۆغان لە لیدوانە کانی باس لەوە دەکا کە ئەو دە دەوڵەتانە نابێ بۆ کاروباری ناوخۆی تورکیا بڕیاربدەن و ئەشی خۆ لە دەست تێوەردان لە کارو باری دەوڵەتی تورکیە بپارێزن، ئەگەر لە کاتی داگیر کردنی عەفرین، گردەسپی و سەرێکانی و هەروەها داگیرکردن و ناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر خاکی هەریمی کوردستان ئەو دە دەوڵەتەی بەرچاو بەقەد ئەو ناڕەزایەتییەی کە لە مەلەفی عوسمان کاوالا ئاراستەیان کردووە دەنگی ناڕەزاتەتیان بەرز کردباوە پێشهاتەکان ڕەوتێکی دیکەیان دەبوو، بەڵام کەس هەڵوێستی نەگرت سەبارەت بە دەست درێژی ئەردۆغان و جیهادیستەکان بۆ سەر نەتەوەی کورد و بۆ سەر خاکی کوردستان، بە بڕوای ئەو دەوڵەتە بە قسە دیموکراتانە نە نەتەوەیەك هەیە بە ناوی کورد، نە خاکێك هەیە وەك جوغرافیای کوردستان و نە کێشەیەك هەیە وەك پرسی کورد، وادیارە بۆ ئەو دەوڵەتانە دۆسیەی تاقە کەسێك لە چارەنووسی نەتەوەیەك گەورە وگرنگترە !!! ئەوەش دیموکراسی ڕۆژئاوایی.

لایەنی ناوەکی ئەو قەیرانەی کە ئەورۆ ئەردۆغان تێی کەوتووە دە گەڕێتەوە بۆ سەر سیاسەتەکانی ناوخۆیی بە تایبەت لە ڕووی ئابووری کە دەکرێ بڵێین مایەپووچە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر تێی دە گیرسێت، سەرۆك کۆماری تورکیا ترسی لێ نیشتووە کە لە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ هەڵنەبژێردرێتەوە و بە پێی هەموو ڕاپرسیەکان تەنیا ٣٠ لە سەدی خەڵك دەنگی بۆ دەدەن و ئەوەش دە گەڕێتەوە سەر سیاسەتە شکست خورداووەکانی ناوخۆیی و دەرەکی بە تایبەت لە ئاستی گرانی و بێکاری و داکشانی نرخی لیری تورکی بەرامبەر دۆلار و هەوەها هاتنەخوارەوەی پلەی داهاتی تاك لە وڵات : پارەی تورك لە ساڵی ٢٠١١ بە ١،٨٦ دۆلار بەراوەرد دەکرا، ئەورۆ گەیشتۆتە ٩،٧٣ و لە وانەیە ئە و گرژییە دیپلۆماتیکانە بێت بە هۆی دابەزینی زیاتر . گرانی گەیشتۆتە ڕادەی ١٩،٥ لە سەد کە دردەخات تورکیا یەکێکە لە گرانترین وڵاتانی جیهان . بەرهەمی ناپاڵێوراوی تورکیە لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٨٦١٠ دۆلار داکشا لە حاڵەتێکدا لە ساڵی ٢٠١٣ گەیشتبووە سەر ١٢٤٨٩ دۆلار .

ئەردۆغان چ لە ناوخۆ و چ لە ناوچە و چ لە ئاستی ناونەتەوەیی پردەکانی پشت سەری ڕووخاندووە و لە هەموو بوارێك مایە پووچ و داماوە و هێچ دەرەتانێکی نەماوە و گومانی تێدانیە کە لە ڕووی سیاسی وەك فاشیستێك چاوی لێدەکرێ و لە ڕووی ئابووری وەك ئاش بەتاڵ و لە سەر دیپلۆماسی وەك دۆڕاو.

٢٠٢١/١٠/٢٥

***



# کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی کردنی زیاتری پەروەردە و بارهێنان

لە حاڵێکدا کە حەفتەی ڕابردوو موعەلیمان لە ناڕەزایەتی بە بەڕێوەنەچوونی گەڵاڵەی ڕیزبەندی و باقیی داخوازییەکانیان لە سەرتاسەری ئێران بەردەوام لە حاڵی ناڕەزایەتیدا بوون، مەجلیسی ئیسلامی بە ڕەواڵەت لە وڵام بەم ناڕەزایەتییانە، گەڵاڵەی ڕیزبەندیی موعەلیمانی پەسند کرد و بۆ شۆرای نیگەهبانی نارد، بەڵام موعەلیمان ئەم کردەوەی دەوڵەتیان بە فریوکاری پێناسە کرد و "شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی پیشەیی موعەلیمان" ڕەتی کردەوە. لە کاتی پەسند کردنی ئەم گەڵاڵەیە لەناو مەجلیس، ڕەجەب ڕەحمانی نوێنەری مەجلیس وتی کە چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئاکامی پەسەندکرانی گەڵاڵەی ڕیزبەندی، پەروەردەبوونی خوێندکاری دیندار و خوێندەوار بێت. لە حاڵێکدا کە موعەلیمان ئەم گەڵاڵەیە بۆ وەدی هاتنی داخوازییەکانیان بە کامڵ نازانن، ئەم نوێنەرەی مەجلیس بەڕێوەچوونی هەر ئەم گەڵاڵە ناقسەش بەو مەرجەوە گرێ دەدات کە موعەلیمان پێبەند بە شێوازێکی تایبەت لە پەروەردە بن. هەر لەم بوارەدا ماوەیەک لەمەوبەر ئاموزش و پەروەرش، ئەو تەڵەبانەی کە قۆناغی دوو و سێی حەوزەیان تێپەڕاندووە بە کارناس و کارناسی باڵای مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەدەبیات بەئەژماری هێنان و نزیک بە ١٥ هەزار کەس لەوان لە ئەگەری دەرووچوونیان لە تاقیکردنەوە، هەر وەک خاوەن بڕوانامەکانی زانکۆ دادەمەزرێنێت. هەروەها ئەم تەڵەبانە کە قۆناغی دوو و سێیان تێپەڕاندووە دەتوانن بۆ وتنەوەی ٨ دەرس لە ئاموزش و پەروەرشدا دابمەزرێن. ڕژیمی ئیسلامی لە ڕێگەی ڕوانە کردنی بەرینی تەڵەبە بەرەو مەدرەسەکان بەنیازە پەروەردە و بارهێنان زیاتر لە ڕابردوو ئیسلامی بکات. ڕژیم لەم ڕێگەوە بەتەمایە تا مێشک و بیری منداڵان و تازەلاوانی ئێران هەرچی زیاتر بە ژەهری دەمارگرژی و دوژمنایەتیی نەخۆشئاسا لەگەڵ زانست و زانیاری گیرۆدە بکات.

سایتی "دەنگی موعەلیم" لەم بوارەدا دەنووسێت: "دامەزراندنی زیاتر لە ڕابردووی تەڵەبەی حەوزە لە ئاموزش و پەروەرشدا و بەشێوەی تایبەت لە "مەدرەسەکان" لەژێرناوی "موعەلیم" پاش تێپەڕبوونی پتر لە ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی ئیسلامی حەرەکەتێکی سەیر و جێگای تێڕامانە. وێدەچێت پاش تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداران بەوە گەیشتوون کە پێویستە کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر مەدرەسەکاندا هەبێت. کاریگەری کەم و لاوازبوونی بەشداریی منداڵان و تازەلاوان لە مزگەوتەکان و لەبەردەست نەبوونیان بۆ کاریگەری وەرگرتن، هۆکاری دەرکردنی ئەمجۆرە بڕیارانەیە. بەڵام لە جیهانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی ئەمڕۆدا، پیشە و زانست و زانیارییەکان بەرەو "پسپۆڕی بوون" دەڕۆن. دیارە کەشیش بۆ کەلیسا و ڕاهێبی بوودایی بۆ مەعبەد و خاخام بۆ کەنیسە ڕاهاتوون و ئەگەر هەر کام لەم ڕووحانییە مەزهەبییانە بیانهەوێت بڕۆنە مەدرەسە و یان پیشەیەکیتر ئەنجام بدەن، پێویستە لەم بوارە بێنە دەرێ و دووبارە لە بواری دڵخوازی خۆیاندا بخوێنن و هەوڵ بدەن. وەها کەسێک هیچ کات ناتوانێ وەک ڕاهێب، بوودایی یان کەشیش لە مەدرەسە خەریکی کار بێت".

سەنعەتی ڕوو لە گەشەی پەروەردەکردنی ئاخوند لەو بوارە دەگمەنانیە کە ڕژیم توانیویەتی تێیدا "سەرکەوتوو" بێت. بەجۆرێک کە لە ماوەی چوار دەیەدا نزیکەی نیو ملیۆن ئاخوندی پەروەردە کردووە. ئاماری ڕەسمیی پەروەردەی ئاخوند ١١٣ هەزار کەسە کە بەلەبەرچاوگرتنی جەمعییەتی ٨٣ ملیۆن و نیویی ئێستای ئێران، سەرانەی ئاخوند بۆ هەر ٦٤٠ کەس لە خەڵکی ئێران یەک ئاخوندە، زۆر زیاتر لە سەرانەی پزیشک، ددان پزیشک، دەروون پزیشک و پەرستار، بەتایبەت لە ڕۆژگارێکدا کە خەڵک لەگەڵ پەتای کۆرۆناش بەرەوڕوون.

هەروەها لەم بوارەدا سەرپەرستی وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش باسی لەوە کردووە کە "پێداچوونەوە بەسەر کتێبە دەرسییەکاندا دەکەنەوە و پێگەی "کلتووری خۆنەویستی و شەهادەت" بەهێز دەکەن و وزە و توانای فێستیواڵ و کەمپەکان بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکەن. دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لە ئێران ئیشتیایەکی تێرینەناسیان بۆ ئیسلامی کردنی گشت کاروباری کۆمەڵگا هەیە. لە پەروەردە و بارهێنانەوە تا دەزگای قەزایی و یاسای باو، لە میدیاکانەوە تا کاروباری خزمەتگوزاری لە گشت ناوەندە دەوڵەتییەکان، لە هونەر و ئەدەبیاتەوە تا چۆنیەتیی پۆششی ئینسانەکان ئەویش بە ڕەوایەتی مەزهەبی شیعە، کراونەتە ئامانج. وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە شێوازی جۆراوجۆر، لەوانە نووسینی کتێب، چاودێری کردن بەسەر موعەلیمان، داسەپاندنی ڕواڵەت و ڕەوشتی تایبەت بەسەر خوێندکاران هەوڵی داوە پەروەردەی دڵخوازی ڕژیم بەسەر خوێندکاراندا بسەپێنێت، بەڵام پاش هەموو هەوڵە بەردەوامەکانی لەم بوارەدا نیشانی دەدات کە هەروا لە ئاکامیان ڕازی نەبووە.

جیایی دین لە دەوڵەت و جیابوونی پەروەردە و بارهێنان لە دین و مەزهەب یەکێک لە سەرەکیترین مافەکانی خەڵکی ئێرانە کە دەسەڵاتی ئیسلامی بە کۆنەپەرستانەترین و ملهوڕانەترین شێوە ئەم مافە بنەڕەتی و سەرەتاییەی پێشل کردووە. بۆ پەروەردە کردنی نەسلێک لە منداڵانی ئێران کە فێری زانست بن و لە هەمووجۆرە خورافەیەکی مەزهەبی بەدوور بن، ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە و ئەم شەڕلاتانە سیاسییانە پێویستە لە دەسەڵاتدا نەمێنن. مەدرەسە جێگای موعەلیمانی شەریف و فێربوونی زانستە کە دەزانن چۆن نەسلی داهاتوو بە زانست، زانیاری، ئازاد ژیان و ئازاد بیرکردنەوە بار بێنن، نەک شوێنی هەزاران ئاخوندی مفتەخۆر و چەقەسرۆ و کۆنەپەرست.

***

# بزووتنەوەی ژنانی ئێران، مۆتەکەی کۆماری ئیسلامی

ئەحمەد وەحیدی وەزیری ناوخۆ لە کۆبوونەوەی سەرتاسەریی بەڕێوەبەرانی گشتی کاروباری ژنان و بنەماڵەی ئۆستانداریەکانی سەرتاسەری ئێران، ڕاشکاوانە وتوویەتی کە:

"ئێمە پێویستە دەرفەت و هەڕەشەکان لە لایەن ژنانەوە بناسین. ئەگەر ئینقلاب زەربە ببینێت هۆکارەکەی ژنانن و ئەگەریش سەرکەوتوو بێت دیسان بۆ ژنان دەگەڕێتەوە. ناسینی دەرفەت و هەڕەشەکان لە بواری ژناندا یەکجار گرینگە و کارکردی دوژمن لەسەر بیر و ئەندێشە و دەروون و ئەخلاق و کردەوەی ژنان زۆر گرینگە." ناوبراو لەم پێوەندەدا خوازیاری پێکهاتنی تۆڕێك لە ژنانی هاوبیر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بووە و دەڵێت: "پێویستە تۆڕێکی باش و جێگای متمانە لە ژنانی هاوبیر پێکبێت." نیگەرانیی واقعیی وەزیری ناوخۆ لەخۆڕا نییە. لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا و لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، ژنانی ئێران لە لایەکەوە یەکێك لە ئامانجە سەرەتاییەکانی ڕژیم و لە لایەکی دیکەشەوە ستوونی سەرەکیی خۆڕاگری و خەبات دژبە کۆنەپەرستیی ئیسلامی بوون.

هەڵوەشاندنەوەی یاسای مەدەنیی بنەماڵە و دانانی یاسای ئسیلامیی فیقهی شیعە لە جیاتی، کە ژنان کەم ئەقڵ و دابڕاو و لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بە نیوەی پیاو دەزانێت، تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ ٩ تا ١٣ ساڵ هێناوەتە خوارێ. یاسایی کردنی بەربەستی جیددیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، پیشەیی و خوێندن و هیتر، لە ئاکامەکانی پێکهاتنی حکوومەتی ئیسلامی دژبە ژنان بووە.

مەزهەب لە جەوهەر و ناوەرۆکی خۆیدا هەڵاواردنی دژبە ژنانی فۆرمووڵە کردووە و هەرکات دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتووە، هەروەك دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران، تاڵەبان لە ئەفغانستان، داعش لە عێراق و شام، کۆیلەتی و بێ مافییەکی بێسنووری بەسەر ژناندا سەپاندووە.

لەماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا ژنانی ئێران بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانیان خەباتیان کردووە و هەنگاو بە هەنگاو بەشێك لە مافە ئینسانی و پێشێلکراوەکانی خۆیان بەدەست هێناوە. بەڵام لەگەڵ هاتنە سەر کاری ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەموو ئەم دەستکەوتانە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسیی جیددی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست و دژەژنی ئیسلامی بەرەوڕوو بوونەوە. لەو کاتەوە کە "تاهێرە قورەتۆلعەین" لە ساڵی ١٢٢٧ی هەتاوی لە کۆبوونەوەی "بەدەشت"دا حیجابی لەسەر خۆی کردەوە و ڕوو بە جەمعییەتی ژنان و پیاوان وتارێکی پێشکەش کرد، تا دەستپێکی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی و لەوێوە تا ڕێکەوتی ٦ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی کە "ویدا موحێدی" لەسەر بەرزایی شەقام ڕووسەرییەکەی بەدارێکەوە بەست و تا بەئەمڕۆ کە وەزیری ناوخۆی ڕژیمی ئیسلامی بە ترسەوە باس لە مەترسیی بزووتنەوەی ژنان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ڕژیم دەکات، خەبات، موقاوەمەت و ناڕەزایەتی دژبە بێ مافیی ژنان درێژەی بووە. لە ئاکامی وەها هەڵمەتێکی پڕهەزینە و گیانفیدایانەدا، بێگومان دەتوانین بڵێین کە ڕژیم سەرەڕای بەکارهێنانی هێزی ڕێکخراوی پۆلیسی، گەشتە جۆراوجۆرەکان، مەئموورانی بارهاتوو و داسەپاندنی هەمووجۆرە وەحشیگەری و کردەوەیەکی دژەمرۆیی، لە داسەپاندنی حیجابی ئیجباری بەسەر ژناندا شکستی خواردووە.

ڕژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات، یەکەمین هێرشەکانی خۆی بۆسەر کرێکارانی بێکار و ژنان دەستپێکرد. خومەینی، کە لە بەشداری کردنی بەرینی ژنانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب لە شۆڕشی ٥٧دا ئاگادار بوو، لە ٨ی مارسی ١٩٧٩ بەرابەر لەگەڵ ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی، فتوای دا کە ژنان لە ئیدارە و وەزارەتخانەکاندا پێویستە بە پۆشش و حیجابی ئیسلامییەوە حزووریان بێت. ژنانی خەباتکار و یەکسانیخواز توانییان بە ٦ ڕۆژ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی، پاشەکشە بە حکوومەتی نوێ بکەن. لەوێدا بوو کە سەرانی ڕەوتی ئیسلامی بەوە گەیشتن کە بۆ سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لەگەڵ چ حەریفێکی بەهێز بەرەوڕوون.

ژنانی ئێران و کوردستان لە هەموو بوارەکانی کار و ژیاندا، دەسەڵاتی ئسیلامی و یاسای کۆنەپەرستانەیان بردووەتە ژێر پرسیارەوە و ئەم خەبات و خۆڕاگرییە گەیشتووەتە ئاست و بەرینایییەک کە سەرانی ورد و درشتی حکوومەت، ژنان بە هۆکاری ناسەقامگیربوون و بە هەڕەشە دژبە مانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی پێناسە دەکەن. وتەکانی وەزیری ناوخۆی ئێران بەئاشکرا دان پێدانان بە شکست و ترس لە هێزی ژنانە.

ژنان هاوڕێ لەگەڵ پیاوانی شەریف و ئازادیخواز، ئەم توانا و وزەیان هەیە کە نەتەنیا سیاسەتی یەکجار کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی ئیسلامی بەرەوڕووی شکست و ناکامی بکەنەوە، بەڵکوو دەتوانن شان بە شانی پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب، ئەم نیزامە دژەژن و دژە ئازادی و بەرابەرییە بڕووخێنن و سیستمی سیاسییەک دابمەزرێنن کە بەرابەریی کامڵ و بێ شەرت و مەرج لە هەموو بوارەکانی ژیانی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتیدا بەڕەسمی بناسێت و دابین و زەمانەتی بکات.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 419- Dece. 2021
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# بزووتنەوەی شکۆداری مامۆستایان لێبڕاوانە درێژەی هەیە

لەسەر بانگهێشتی "شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایانی ئێران"، مامۆستایان، کرێکاران و کارمەندانی ناڕازیی ئامووزش و پەروەرش و لە هێندێک شوێن خوێندکاران، ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی مانگی بەفرانبار لە ١٠٢ شاری ئێران کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی شکۆداریان بەڕێوەبرد. ئەم کۆبوونەوانە سەرەڕای هەڕەشە و هێرش و توندوتیژیی هێزە ئەمنییەکان لە ناڕەزایەتی بە پەسندکرانی ناقیسی گەڵاڵەی ڕیزبەندی لە مەجلیس بەڕێوەچوون کە ئاکامەکەی پێشێلکردنی مافی مامۆستایانی لەسەرکار و خانەنشینکراو، نەبوونی فێرکاریی بێەرامبەر و بایەخ نەدان بە پەروەردەی ستاندارد و لەبەرچاونەگرتنی خواستی ئازادیی مامۆستایانی بەندکراوە. سەرەڕای کەشوهەوای توندی ئەمنییەتی و حزووری بەرچاوی هێزە ئەمنییەکان و قەدەغەکردنی کۆبوونەوە لە بەرامبەر سازمانی بەرنامە و بوودجە، مامۆستایان بە بەشداریی بەرینی خۆیان کەشوهەوای ئەمنییەتییان شکاند و لە سەرووی سازمانی بەرنامە و بوودجە دەستیان دایە کۆبوونەوە. لە حاڵێکدا کە مامۆستایان لەگەڵ سەرکوتگەران لە تێکهەڵچوون دا بوون، مامۆستایانی ژن لە ناوەندی مەیدانی بەهارستان دانیشتن و سەرەڕای هێرشی هێزە ئەمنییەکان، یەک کاتژمێر درێژەیان بەم ناڕەزایەتییە دا.

شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایانی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە بڕیارنامەیەکی دەرکرد و تێیدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی بابەتەکانی سەرەوە و چاوپۆشی کران لە هەڕەشەکانی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کەیهان، تیشکی خستە سەر مافی توێژەکانی دیکە و نووسیی:

"ئێمە لە چوونەسەرەوەی مووچەی هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان و کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ سەرووی هێڵی هەژاری پشتیوانی دەکەین و ژیانێکی خۆشبژێو و شیاو بە مافی هەمووان دەزانین و دژی لێکدانەوەی ناکارناسانەین کە پێی وایە بردنەسەرەوەی مووچەی مامۆستایان دەبێتە هۆی چوونەسەرەوەی ڕێژەی ئاوسان. ئەوە داهاتی نجوومی، دزی و گەندەڵیی بەرین و چڕبوونەوەی سەروەت و دەسەڵات لەناو دەستی کەمینەیەکی بچووک دایە کە ئەمنییەتی ماڵی و دەروونیی زۆربەی کۆمەڵگای خستووەتە مەترسییەوە".

مامۆستایانی خەباتکار ساڵەهایە کە هەم بەشێوەی خۆڕسک و هەم بە شێوەی ڕێکخراو بۆ وەدی هاتنی خواستەکانیان، بەرانبەر بە دەوڵەت دەستیان داوەتە خەباتی سەرشەقام و ئاشکرا. مامۆستایان کۆمەڵێک داخوازییان هەیە کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە گرینگترینەکانیان بکەین.

بردنەسەرەوەی مووچە بۆ سەرووی هێڵی هەژاری لەڕێگەی بەڕێوەبردنی ڕێزبەندیی پیشەیی مامۆستایان، ئازادیی دەستبەجێی هەموو مامۆستایانی بەندکراو و کۆتایی هێنان بە ئەمنییەتی کردنی خەبات و بەستنی هەموو پەروەندە ئەمنییەکان، هاوسانسازیی مووچەی خانەنشینکراوان و بردنەسەرەوەی ئاستی بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، خوێندنی بێبەرامبەر لەڕێگەی ڕێگری لە خسووسی کردن و کاڵایی کردنی فێرکاری، کۆتایی هێنان بە تاڵانی سندووقی پاشەکەوتی مامۆستایان و سپاردنی ئیدارەکەیان بە نوێنەرانی خودی مامۆستایان.

هەڵبەت ڕێکخراوەکانی مامۆستایان، کە لە ئێستادا پتر لە ڕابردوو جێگای متمانەی گشت مامۆستایانن، لە هەر کۆبوونەوە و یان زنجیرە ئاکسیۆنێکدا هێندێک لە خواستەکانیان کردووەتە ئەولەوییەت و خستوویانەتە دەستووری کاری خۆیانەوە. بەڵام گەیاندنی لانیکەمی مووچەی مامۆستایان بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، هاوسانسازیی خانەنشینکراوان و بردنەسەرەوەی ئاستەکەی بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و ئازادیی دەستبەجێی هەموو مامۆستایانی بەندکراو و کۆتایی هێنان بە ئەمنییەتی کردنی ناڕەزایەتییەکان و ڕاگەیاندنی بەسترانی هەموو پەروەندە ئەمنییەکان، لە سەرووی خواستەکانیانەوە بووە.

کۆبوونەوەی خەباتکارانەی مامۆستایان لە ڕۆژانی ٢٠، ٢١ و ٢٢ی سەرماوەزدا ئەوەندە بەهێز بوو کە پاش ١٠ ساڵ مەجلیسنشینانی ناچار کرد تا گەڵاڵەی ڕیزبەندی کە لە مەجلیسدا خۆڵی لەسەر نیشتبوو لە کەشەوەکان بهێننەوە دەرێ و بە قەولی شۆرای هاوئاهەنگی بە گۆترە پەسندی بکەن.

مەجلیسی شۆرای هاوئاهەنگی لە دانیشتنی سێشەممە ٢٤ی سەرماوەزدا بە پەسندکردنی چەند ماددەیەکی دیکە لە گەڵاڵەی نیزامی ڕیزبەندیی مامۆستایان، کۆتایی بە کاری لێکدانەوەی ئەم گەڵاڵەیە هێنا. بەپێی ئەم پەسندکراوەی مەجلیس، ئایین نامەی بەکردەوە دەرهێنانی یاسای نوێ پێویستە لە ماوەی یەک مانگدا بە بەشداریی ناوەندە پەیوەندیدارەکان ئامادە بکرێت و لە لایەن هەیئەتی وەزیرانەوە پەسند بکرێت.

بەپێی یاسای ڕیزبەندی، لانیکەمی مووچەی کارمەندانی ئامووزش و پەروەرش ٨ ملیۆن و ٨٠ هەزار تمەن و لانیزۆریشی نزیکەی ١٦ ملیۆن تمەن دیاری کراوە.

ئەم پاشەکشەیە کە بەسەر بێکارانی مەجلیسنشین دا سەپاوە، هەڵبەت دەستکەوتێکی خەباتکارانەیە و پێویستە لەبەرچاو بگیرێت. بەڵام شۆرای هاوئاهەنگی، بە پشت بەستن بە پشتیوانییەکی بەرین کە لێی کراوە، بە سێ هۆکار ئەم پەسندکراوەی ڕەت کردووەتەوە:

١_ لانیکەمی مووچەی مامۆستایان و کارمەندانی ئامووزش و پەروەرش پێویستە بگاتە ١٢ ملیۆن تمەن لە مانگدا نەک ٨ ملیۆن و ٨٠ هەزار تمەن.

٢_ هاوسانسازیی مووچەی خانەنشینکراوان لەبەرچاونەگیراوە.

٣_ مامۆستایانی بەندکراو، کە بۆ وەدیهاتنی هەر ئەم خواستانە لە ناڕەزایەتییەکاندا بەشدارییان کردبوو، ئازاد نەکراون.

هەروەها سەرایەداران و خزمەتگوزارانی مەدرەسەکانیش بەهۆی بایەخ نەدران بە مافەکانیان دژ بەم پەسندکراوەی مەجلس بەتوندی ناڕەزایەتییان دەربڕی. ئەوان لە بانگهێشتێکدا نووسییان:

"ئێمە وەک کۆمەڵێک سەرایەدار و خزمەتگوزاری کیشوەری ڕایدەگەیەنین کە لەئاست پەسندکراوی ئەم دوایانەی مەجلیس سەبارەت بە ڕیزبەندی یەکجار ناڕازین.

مەگەر ئێمە سەرایەداران و خزمەتگوزاران لە سەرما و گەرمادا لە پەنا مامۆستایانی ئازیز لە مەدرەسەکان حزوورمان نییە؟ مەگەر ئێمە پێرسۆنێلی مەدرەسە نین؟ مەگەر ئێمە بنەماڵەمان نییە؟ مەگەر تەوەرۆم لەسەر ژیانی ئێمە کاریگەریی نییە؟ بۆچی مافی ئێمە لەبەرچاو ناگرن؟"

پەیوست بوونی چەندین بەشی تازە لە کرێکاران و کارمەندانی ئامووزش و پەروەرش بە ڕیزی خەباتکارانەی مامۆستایان لە لایەکەوە ناڕەزایەتییەکانی ڕادیکاڵتر کردوونەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە میدیای کۆنەپەرستی ڕژیم لەوانە سەدا و سیما، کەیهان و جەوانی سەر بە سپای پاسدارانی ناچار بە درۆودەلەسە و هەڵیت و پڵیت و هەڕەشە کردووە. بەڵام ئەم هەڕەشانە لە هاوسەنگیی هێزی ئێستادا ئاکامێکی نییە و مامۆستایان و پشتیوانانی کۆمەڵایەتیی بەرینیانی تووڕەتر کردووە و دەکات.

مامۆستایانی مافخواز و خەباتکار لە ئێستادا ڕێکخراوترین بەشی بزووتنەوەی کرێکارین. پەیوەندی ڕێکخراوەکانی مامۆستایان لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەوانە سەندیکاکانی حەوت تەپە و واحید، "شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی کرێکارانی پەیمانیی نەوت" و باقیی ڕێکخراوە ڕەسەنە کرێکارییەکان، چرای هیوای گەیشتن بە ئامانجی کۆرتماوە و درێژەماوەی بزووتنەوەی کرێکاریی درەشاوەتر کردووە.

***



